ئەگەر خودی داوای دووعای خێرکردن شیرک بێت ئەوا بۆ کەسی زیندووش ئەبێت بەشیرک بەڵام خودی داوای دووعای خێر لەکەسی زیندوو شەرعیە وپێغەمبەرصلی الله علیە وسلم وصحابە کردوویانە بۆیەکتری کەواتا ناچێتە ناو شیرکەوە

بەڵام بۆ مردوو ئەبێت بەبیدعە چونکە سەلەف ئەوکارەیان نەکردووە
بەڵام بۆیە نابێت بەشیرک چونکە تۆ داوات لەخودی مردووەکەنەکردووە بێت بەهاناتەوە بەڵکو بڕوات وایە مردووەکە گوێی لێتە وەک کەسێکی زیندوو بۆیە بەمردووەکەت وتوە لەلای الله دووعای خێرم بۆبکە بۆیە ئەم کارەت کردوە چونکە بڕوات وایە مردوو وەک کەسێکی زیندوو گوێی لەدەنگتە

بەپوختی دوات لەخودی مردووەکە نەکردووە کەڕەحمت پێ بکات ومنداڵت پێ ببەخشێت بەڵکو وتوتە لەلای الله دووعای خێرم بۆبکە واتا دەسەڵاتەکەت گەڕاندەوە بۆلای الله بەڵام کارەکەت بیدعە وتاوانە وبەڵگەی لەسەر نیە

چونکە ئەو ڕیوایەتەی ابن ابی شیبە گێڕایەوە سەحیح نیە و چەندین عیلەتی تێدایە هەم لەڕووی سەندەوە سەحیح نیە چونکە مالك الدار نەناسراوە بەضبط وبەعدل

وە پێچەوانەشەوە ڕیوایەتێکی سەحیح لە ئیمام ی عمر هاتوە کاتێ وشکە ساڵی بوو نەچوو لەگۆڕەکەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم داوابکات بەڵکو عباسی مامی پێغەمبەر زیندوو بوو چوو بەعەباسی فەرموو دووعای بارانبارینمان بۆبکە وە ئەیفەرموو: (اللهم إنا كنا نتوسل إليك بنبينا صلى الله عليه وسلم فتسقينا وإنا نتوسل إليك بعم نبينا فاسقنا)[١]
پەروەردگار ئێمە تا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم زیندوو بوو داوامان لێ ئەکرد دووعای بۆئەکردین وبارانت ئەباراند ئێستا ئەو مردووە ئێمە داوا لەعەباسی مامی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەکەین دووعای باران بارینمان بۆبکات (چونکە عەباس زیندووە)

[١]: صحيح البخاري ص (١٣٦٠ / ٣)

کەواتا ئەگەر ئەو بەسەرهاتە ڕاست بوایە ئیمام ـی عمر ئەچوو لەگۆڕەکەی پێغەمبەر داوای بارانبارینی ئەکرد بەڵام بەپێچەوانەوە چوو عەباسی فەرموو تا دووعای بارانبارین بکات چونکە عەباس زیندووبوو ئەوکاتە .

پاشان شێخ ئەفەرمووێت:
(والشفاعة شفاعتان: شفاعةٌ منفيّةٌ، وشفاعةٌ مثبتةٌ) واتە: شەفاعەت دووجۆرە شەفاعەتی نەفیکراو لەگەڵ شەفاعەتی جێگیرکراو

فالشفاعة المنفية: ما كانت تطلب من غير الله فيما لا يقدر عليه إلا الله، والدليل قوله تعالى: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لا بَيْعٌ فِيهِ وَلا خُلَّةٌ وَلا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ}[1].

شەفاعەتی نەفیکراو : ئەوەیە داوای شتێ بکەی لەغەیری الله تعالی کەئەو شتە تەنها لەدەسەڵاتی الله تعالی بێت وەغەیری الله کەس ئەوشتەی پێ نەکرێت بەڵگەش وتەی الله یە (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ببەخشن هەندێک لەو ماڵ و سامانەی پێمانداون پێش لە هاتنی ڕۆژێک هیچ کڕین و فرۆشتنێکی تێدا نییە (تا بەماڵ خۆتان بکڕنەوە) هەروەک هیچ دۆستییی و تکاو شەفاعەتێک سوودی نابێ. و هەرکافروو بێ باوەڕان ناهەقیکارو ستەمکارن

والشفاعة المثبتة: هي التي تُطلَب من الله، والشافع مكرم بالشفاعة، والمشفوع له من رضي الله قوله وعمله بعد الإذن كما قال تعالى: {مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاّ بِإِذْنِهِ}[1] {وَلا يَشْفَعُونَ إِلاّ لِمَنِ ارْتَضَى}[2] {قُلْ لِلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا}[3]

وەشەفاعەتی جێگیرکراو : ئەوەیە داوا لەالله بکەیت وەکەسی شەفاعەت کاریش ڕێزلێگراوبێت لەلای الله بەشەفاعەت کردن وە شەفاعەت بۆکراویش الله لێی ڕازی بوبێت لەوتە وکردەوەی لەپاش ئەوەی الله مۆڵەت ئەیات بەشەفاعەتکار بەڵگەش وتەی الله : {مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاّ بِإِذْنِهِ}، {وَلا يَشْفَعُونَ إِلاّ لِمَنِ ارْتَضَى}، {قُلْ لِلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا}.

شەفاعەت بەسێ مەرج ڕوو دەدات
① الله تعالی ئیزن بات کەسێ شەفاعەت بکات بۆکەسێکی تر
② الله ڕازی بێت لەکەسی شەفاعەتکار
② الله ڕازی بێت بەوەی شەفاعەتکار شەفاعەت بۆ فلان کەس بکات

[1] :سورة البقره آية ٢٥٥
[2] :سورة الأنبياء آية ٢٨
[3] :سورة الزمر آية ٤٤

قال الله تعالى : (لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاءُ وَيَرْضَىٰ)[1]
شەفاعەت وتکاکانیان سودی نابیت تەنها پاش ئەوەنەبێت کەالله مۆڵەتیان بات بەشەفاعەتکردن بۆ کەسێ کەالله خۆی بیەوێ ولێی ڕازی بێت

وقال تعالى: (يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُ قَوْلًا)[2]
وقال: (مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ)[3]

کەواتــا شەفاعەت بەو سێ مەرجە دێتە دی

شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله دەفەرموێت :
(ولهذا كان سيد الشفعاء صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إذا جاء الخلائق يوم القيامة يطلبون الشفاعة من آدم فيعتذر ، ثم يطلبونها من نوح ومن إبراهيم ثم موسى ثم من عيسى فيقول : اذهبوا إلى محمد فإنه عبد غفر الله له ما تقدم من ذنبه وما تأخر،
قال : (فأذهب إلى ربي فإذا رأيت ربي خررتُ ساجداً فأحمد ربي بمحامدَ يفتحها عليَّ لا أُحسنُها الآن فيقول : أي محمد ، ارفعْ رأسَك ، قُلْ تُسمعْ ، وسَلْ تُعطَه ، فأشفع)[5]
فبيَّن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أنه إذا أتى ربَّه لا يشفع حتى يُؤذن له ، بل يبدأ بالسجود لله والثناء عليه فيأذن له ربه في الشفاعة)[4]

بەم شێوە گەورەی شەفاعەتکاران صــلى الله عليه وسـلم کاتێ کەدروستکراوانی الله لەڕۆژی قیامەت دێــن داوای شەفاعەت لەئادەم ئەکەن ئەویش پێی ناکرێت پاشان داوا لەنوح و ابراهیم وپاشان موسا پاشان عیسا دەکەن هەموویان ئەڵێن بڕۆن بۆلای محمد صلى الله عليه وسلم چونکە ئەو بەندەیەکە الله لەهەموو گوناهەکانی پاش وپێشوی خۆش بوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت ئەڕۆم بۆلای پەروەردگارم وسوجدە دەبەم و سوپاسێکی الله دەکەم بەسوپاسێ ئەیخاتە سەر زمانم کەئێستا نایزانم پەروەردگار ئەفەرموێ ئــەی محمد سەرت بەرزکەوە قسەبکە وقسەت ئەبیسترێ و داوا بکە پێت ئەبەخشرێ ئێنجا منیش شفاعەت دەکەم، لەمەوە ڕون ئەبێتەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسل کاتێ دێ بۆلای الله ڕاستەوخۆ شەفاعەت ناکات تا الله ئیزن ــی ئەیـات بەڵکو دەست بە سوجدە بردن و ستایشی الله دەکات ئێنجا الله ئیزن ــی ئەیات شەفاعەت بـکات.

وەدەفەرموێت :
(فهذا خير الخلق وأكرمهم على الله إذا رأى ربه لا يشفع حتى يسجد له ويحمده ، ثم يأذن له في الشفاعة،وهذا تصديق قوله تعالى (مَنْ ذَا الذِّي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إلاَّ بِإِذْنِه) إلى غير ذلك من الآيات ، وقد جاء في الحديث الصحيح أنه (تشفع الملائكة والنبيون والمؤمنون) ، لكن بإذنه في أمور محدودة ليس الأمر إلى اختيار الشافع)[6]

---

[1]:ســورة النجم آيــة ٢٦
[2]:ســورة طه آيــة ١٠٩
[3]:ســورة البقره آيــة ٢٥٥
[4]:جامع المسائل (٤ / ٢٠٩)
[5]:متفق عليه
[6]:مجموع الفتاوى (٢/ ١٠٦)

کەواتــا جائیزنیە داوای شتێ لەکەسێ بکەیت کە ئەوشتە بەدەست الله یە بەدەست مرۆڤ نیە بەڵکو الله وەک ڕێزلێنانێ لەشەفاعەتکار ئیزنی دەدات شەفاعەت بکات بــۆکەسێک کەالله خۆی لەوکەسە ڕازیە ئەیەوێ شەفاعەت کار بەوشەفاعەتکردنە ڕێزداربکات.

الله دەفەرموێت : (قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا) [1] واتــە: پێیان بــڵێ شەفاعەت هەموی بۆالله یە

ئیمام ـی ابن کثــیر لەتەفسیری ئەم ئایەتە ئەفەرموێ:
قل : أي يا محمد لهؤلاء الزاعمين أن ما اتخذوه شفعاء لهم عند الله ، أخبرهم أن الشفاعة لا تنفع عند الله إلا لمن ارتضاه وأذن له ، فمرجعها كلها إليه

ئەی محمد صلی الله علیه وسلم بەوکەسانە بڵێ کەلافی ئەوە لێ ئەیەن کەپەرستراوەکانیان لای الله شفاعەتیان بـۆئەکەن هەواڵیان بەرێ کەشەفاعەت ســودی نابێت لەلای الله تەنها بـۆکەسێ نەبێت کەالله لێی ڕازی بێت و خۆشی ئیزن بات کەشــەفاعەتی بۆبکرێت بۆیە شەفاعەت هەرهەمووی بۆالله دەگێڕێتەوە .

[1]:ســورة الزمر آيــة ٤٤

بسم الله الرحمن الرحيم

بنچینەی سێهەم

القاعدة الثالثة

محمد بن عبد الوهاب

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمه الله ئەفەرموێت:
القاعدة الثالثة: أن النبي ﷺ ظهر في أناس متفرقين في عبادتهم، منهم من يعبد الملائكة، ومنهم من يعبد الأنبياء والصالحين، ومنهم من يعبد الأشجار والأحجار، ومنهم من يعبد الشمس والقمر. وقاتلهم رسول الله ﷺ ولم يفرّق بينهم، والدليل قوله تعالى: {وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِينُ كُلُّهُ لِلَّهِ}[1]

پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم لەناو خەڵکانێ دەرکەوت جیاوازبون لەپەرستراوەکانیان هەیانبوو فریشتەی ئەپەرست هەشیان بوو پێغەمبەران وپیاو چاکانی ئەپەرست وەهەشیان بوو خۆر ومانگی ئەپەرست لەگەڵ ئەوەشدا رسول الله صلی الله علیه وسلم جیاوازی لەنێواناندا نەکردن بەڵگەش وتەی الله یە(بجەنگن دژیان تاوکـ نەبن بەهۆی بڵاوبونەوەی شـیرک وکوفر وە ئاین هەمووی بۆالله بێت)

ودليل الشمس والقمر قوله تعالى: { وَمِنْ آيَاته اللَيْلُ وَالنَهَارُ وَالشَمْسُ وَالْقَمَرُ لا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ }[2]

بەڵگەش لەسەر پەرستنیان بۆ خۆر ومانگ وتەی الله یە لە نیشانەکانی تاک و تەنیایی الله تعالی شەوو رۆژو خۆرو مانگە دەسا ئێوەش نە بۆ خۆر سوجدە بەرن، وە نە بۆ مانگ، چونکە ئەوانە هەردوو دروستکراوی الله ن و، ئەوانیش سوژدە هەر بۆ ئەو دەبەن ئێوە سوجدە هەر بۆ ئەو الله یە بەرن کەئەوانی دروستکردووە ئەگەر دەتانەوێ بە هەقیقەت الله بپەرستن .

ودليل الملائكة قوله تعالى: { وَلا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلائِكَةَ وَالنَبِيِّينَ أَرْبَابًا }[3]

بەڵگەش لەسەر فریشتەکان وتەی الله یە : (فەرمان بە هیچ کامیشتان نادەن بچن فریشتەو پێغەمبەران بکەنە پەرستراوی خۆتان و بیانپەرستن ئاخۆ فەرمانتان پێدەکا بەکوفرو لەدین وەرگەڕان، پاش ئەوەی ئێوە موسڵمان بوون)

ودليل الأنبياء قوله تعالى: { وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاس اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَه قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ }[4]

بەڵگەش لەسەر پێغەمبەران: (ئەوکاتەش وەبیر بێنە کە الله تعالی لە رۆژی قیامەتدا بە عیسای کوڕی مەریەم دەڵێ:(ئەرێ تۆ بەو خەڵکەت گوت کە لە جیاتی الله بەتەنها بپەرستن وتوتە خۆت و دایکت بکەنە دوو پەرستراو ؟! وبتان پەرستن؟(عیسایش ئەڵێ: پەروەردگارم! من هەمیشە تۆ بە پاک و خاوێن ڕا دەگرم و، هەرگیزیش بۆ من ناشێ شتێکی ناراست و ناشیاوی وا بەرامبەر بە تۆ بڵێم ئەگەر ئەو قسەیەم کردبێ، بێ شک تۆ خۆت دەزانی هەرچی لەنەفسی مندایە تۆ ئەیزانیت بەڵام من دەربارەی ئەوەی لە نەفس ـی تۆدایە بەڕاستیی تەنها هەر خۆتی بەهەموو نادیارەکان زانایت .

---

[1]:سـورة الأنفال آيـة ٣٩
[2]:سـورة فصلت آيـة ٣٧
[3]:سـورة آل عمران آيـة ٨٠
[4]:سـورة المائدة آية ١١٦

الله تعالى نموونەیەکی هێناوەتەوە بە پیاوێک ئەم پیاوە بەندەی چەند کەسێک بێ و، هەر یەکەشیان کارێکی پێ بسپێرێ: ئەم پێی بڵێ برۆ، ئەویکەیان بڵێ مەڕۆ وە نمونەیەکی دیکەشی هێناوەتەوە بە پیاوێکیتر، ئەم پیاوە بەندەی تاقە کەسێک بێ، هەر ئەو کەسە سەرپەرشتی بکات ئاخۆ ئەو دووانە لە خۆشحاڵیی و دڵخۆشیی و بەر چاو ڕوونیدا یەکسانن؟ دیارە یەکسان نین، جا مرۆڤێکیش کە تەنها الله ئەپەرستێ لەگەڵ موشریکێکدا کە چەند بتێک بپەرستێ ئاوا جیاوازن
موسڵمانەکە لە یەکلاوە بڕیاری بۆ دەردەچێت و، دڵیشی زۆر ئاسوودەیە، بەڵام موشریکەکە لە چەند لاوە ئاراستە دەکرێ و سەرەنجام سەری لێ تێکدەچێ!! سوپاس هەر بۆ الله یە، لەسەر ڕاستکردنەوەی بەڵگە لەسەر خەڵک بەڵام زۆرترینیان ڕاستییەکە نازانن.

جائەوەی تەنها الله بپەرستێ تەنها گوێڕایەڵ وملکەچی یەک ڕێگا ئەبێت ئەوەی غەیری الله ئەپەرستێت ئەبێت بەکۆیلەی چەندان ڕێبازی جیاوازن و چەندان پەرستراووی دیکەی بەتاڵ سەرەڕای جیاوازیان لەوەی هەندێکیان پێغەمبەران پەرست بون وهەندێ تریان فریشتە پەرست و هەندێ تریان بت پەرست بەڵام رسول الله صلى الله عليه وسلم خاتری نەگرتن بـڵێت ئەمە پێغەمبەرێ ئەپەرستێ عوزری هەیە بەڵام ئەوەیان بت ئەپەرستێ عوزری نیـە بەڵکو جەنگی لەدژی هەموویان ڕاگەیاند وتەکفیری کردن وەک ئەبینیت ئەمڕۆ گۆڕپەرستەکان ئەڵێن ئێمە خۆ بت ناپەرستین ئێمە تەنها هانا وهاوارمان لەپێغەمبەران وپیاوچاکان کـردووە بێ ئاگان لەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسـلم دژی پەرستنی هەمووشتێ جەنگی کردوە لەپێناوئەوەی خەڵکی هەموویان الله بپەرستن .

وەک شێخ بەڵگەی هێنایەوە لەقورئان کەچۆن الله تعالى قەدەغەی پەرستنی فریشتەکان وپێغەمبەران ودار وبەردی پێکەوە کـردووە

تەنـانەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕێگری کردووە لەکاتی خۆر هەڵهاتن وخۆرئاوابوون سوجدە نەبەین بۆالله تعالى چونکە لەوکاتەدا خۆرپەرستان سوجدە بۆخۆر ئەبەن
ڕێگری کردووە لەوەی موسڵمان سوجدە بردنیشی بۆالله موافق بێت بەکاتی سوجدەی موشریکان بۆ پەرستراوە باتڵەکانیان ئەمە ئەو پەڕی ڕێگەگرتنە لەموسڵمانان و داخستنی هەموو دەرگایەک کەموسڵمان بەرەو شیرک ببات

بەڵگەی ڕێگریکردن لەنوێژکردن لەکاتی خۆر هەڵهاتن فەرموودەکەیە: (صل صلاة الصبح ثم أقصر عن الصلاة حتى تطلع الشمس حتى ترتفع؛ فإنها تطلع حين تطلع بين قرني شيطان وحينئذ يسجد لها الكفار)[1]

لەسەر بابەتی بەوەسیلەکردنی پیاوچاکان شێخ ئەو ئایەتەی هێنایەوە کەالله ئەفەرموێت :
(أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ...)[2]

[1]:صحيح مسلم من حديث عمرو بن عبسة
[2]:سـورة الإسراء آيـة ٥٧

ودليل الصالحين قوله تعالى: { أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ }[١]

بەڵگەش لەسەر پیاو چاکان وتەی الله یە: ئەوانەی ئەوان دەیانپەرستن و هاناو هاواریان بۆ دەبەن، ئـەوانەی ئیوە ئەیان پەرستن خۆیان بۆڕێـگا وهۆکارێ ئەگەڕێن تاالله نزیک ببنەوە بەئومێدی رەحمەت و میهرەبانی ئەو (پەروەردگار)ـەن و لەتۆڵەو سزایشی دەترسن، ئیتر چۆن ئەیان پەرستن لەجیاتی الله

ودليل بالأشجار والأحجار قوله تعالى: { أَفَرَأَيْتُمُ اللاَّتَ وَالْعُزَّى وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى }[٢]

بەڵگەش لەسەر دار وبەر پەرستنیان(هەواڵی لات و عوززاو سێیەمەکەی تریان (مەنات)م بدەنێ)

وحديث أبي واقد الليثي رضي الله عنه قال: (خرجنا مع النبي ﷺ إلى حنين، ونحن حدثاء عهد بكفر، وللمشركين سدرة يعكفون عندها وينوطون بها أسلحتهم، يقال لها: ذات أنواط. فمررنا بسدرة فقلنا: يا رسول الله، اجعل لنا ذات أنواط كما لهم ذات أنواط. فقال رسول الله ﷺ: "الله أكبر، إنها السنن، قلتم والذي نفسي بيده كما قال بنو إسرائيل لموسى: {اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ}، لتركبن سنن من كان قبلكم" أي: النصارى واليهود)[٣]

وەحەدیثەکەی ابی واقد ـی اللیثی ڕەزای الله ـی لێ بێت کەئەگێڕێتەوە ئەفەرموێت لەگەڵ پێغەمبەر دەرچووین صلى الله عليه وسلم تازە ببوینە موسڵمـان وە موشریکەکان دارێکیان هەبوو چەکانیان بەوداریا هەڵدەواسی بۆتەبەڕوک پێکردنی پێیان ئەوت ذات انواط بەلای دارەکەدا تێپەڕین
وتمان ئەی پێغەمبەری الله صلى الله عليه وسلم تۆش دارێکمان بۆدانێ بۆی چەکەکانمانی پێدا هەڵبواسین وەک چۆن موشریکان هەیانە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی الله اكبر ئەمە هەمان ڕێچکە ورێبازە کەبەنی اسرائیل بەموسایان وت تۆش بتێکمان بۆ پەرستن بۆدانێ وەک چۆن موشریکان پەرستراویان هەیە موسا پێی وتن بەڕاستی ئێوە گەلێـکی نەفامن (ئێوەش شوێنی ئەوانەی پێش خۆتان ئەکەون) واتا شوێن جولەکەوگاوران ئەکەون.

شێخ فەرمووی: هەریەکەیان شتێکیان ئەپەرست واتا ئەوەی کۆیان ئەکاتەوە بریتیە لەوەی تەوحیدیان نیە وهاوبەشدانەرن جیاوازی نێوان کەسـی هاوبەشدانەر لەگەڵ کەسێ کەتەنها الله ئەپەرستێ چیە ؟

الله لەقورئاندا ئەفەرموێت : { ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَاء مُتَشَاكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ }[٤]

---

١ :سـورة الإسراء آيـة ٥٧
٢ :سـورة النجم آيـة ١٩
٣ :رواه الترمذي
٤ :سـورة الزمر آيـة ٢٩

ئیمام ـی طبری لەتەفسیرەکەیدا هێناویەتیەوە لەڕێگەی أبو معاويةله الأعمش، له إبراهيم،له عبد الله فەرمویەتی: كان ناس من الإنس يعبدون قوما من الجنّ، فأسلم الجنّ وبقي الإنس على كفرهم، فأنـزل الله تعالى (أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ)

خەڵکانێ لەمرۆڤەکان عیبادەتی کەسانێکیان ئەکرد کەجنۆکەبون ئەو جنۆکانە بون بەموسڵمان بەڵام ئەو مرۆڤانە لەسەر کوفرەکەیان بەردەوام بون بۆیە الله ئەو ئایەتەی دابەزن کەتێیدا فەرمووی (ئەوانەی ئێوە ئەیان پەرستن خۆیان بەدوای هۆکارێ ئەگەڕێن تا الله لەخۆیان ڕازی بکەن).

جا موشریکانی سەردەم لەگۆڕپەرستان ئەڵێن الله لەقورئاندا وەسیلە ـی شەرعاندوە کەلەڕێگەی وەسیلەوە لەالله نزیک ببینەوە وە ئێمەش پێغەمبەران وپیاووچاکان ئەکەین بەوەسیلەی نێوان خۆمان ـو الله تعالى

ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە تەقوای الله بکەن لەالله نزیک ببنەوە بەهەر هۆکارێ کەالله نزیـکتان ئەکاتەوە

لەکاتێـکدا الله تعالى کەئەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَابْتَغُوا إِلَيْهِ الْوَسِيلَةَ) [1]

جاموشریکان ئەگەر ئایەتەکە بەتەواوی دانێن تێدەگەن کەوا وەسیلە(هۆکار) مەبەست پێی ئەوکردەوە شەرعیانەیە کەالله لەقورئان وسونەت فەرموویەتی چونکە الله تعالى ڕێـک دوای وتنی (وَابْتَغُوا إِلَيْهِ الْوَسِيلَةَ) ئەفەرموێت (وَجَاهِدُوا فِي سَبِيلِهِ) لەپێناو ڕێگەی الله تعالى جەنگ وجیهاد بـکەن (لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) بەشکو لەهەردوو جیهاندا سەرفرازو بەختیار بن.

کەواتــا وەسیلەی شەرعی بریتیە لەکرداری شەرعی نەک کرداری موشریکەکان

ئیمام ـی طبری لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەفەرموێت: يا أيها الذين صدقوا الله ورسوله فيما أخبرهم ووعد من الثواب وأوعد من العقاب "اتقوا الله" يقول : أجيبوا الله فيما أمركم ونهاكم بالطاعة له في ذلك ، وحققوا إيمانكم وتصديقكم ربكم ونبيكم بالصالح من أعمالكم " وابتغوا إليه الوسيلة " ، يقول : واطلبوا القربة إليه بالعمل بما يرضيه

ئەی ئەوانەی بڕواتان بەالله و پێغەمبەرەکەی هێناوە لەوەی هەواڵتان پێدراوە لەپاداشت وسزا تەقوای الله بکەن)واتا وەڵامی الله بەنەوە لەوەی فەرمانی پێـکردوون ولەوەشی ڕێگری لێکردووا وە ئیمانەکەتان بسەلمێنن بەئەنجامدانی کردەوەی چاکـە وە بەهۆکار لەالله نزیک ببنەوە واتـا لەالله نزیک ببنەوە بەکردنی ئەوکارانەی الله پێی ڕازییە .

گومانی تێدانیە ئەگەر هاوارکردن لەپێغەمبەران وپیاوچاکان الله لێی ڕازی بوایە ئەوا الله قەدەغەی پەرستنی نەئەکردن
چونکە موشریکەکانیش لەپەرستنی پیاوچاکانیان ئەیانگوت نیەتمان ئەوەیە لەالله نزیک ببینەوە قال تعالى {مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى}[2]

---

[1] :ســورة المائده آيــة ٣٥
[2] :ســورة الزمر آيـة ٣

پاشان شێخ بەڵگەی هێنایەوە لەسەر قەدەغەکردنی پەرستنی دار وبەرد بەئایەتی :
{أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى} {وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى}[1]

هەواڵم پێ بەن لەبارەی بتەکانتان ئایا سودی پێ گەیاندن؟
کەیەکیان ناوی (لات) بوو کەئەم بتە پەرستراوی خەڵکی ثەقیف وهۆزە هاوپەیمانەکانیان بوو ئەم (لات ـە کەکرابوو بەپەرستراو کاتی خۆی پیاوچاک بوە خواردنی بۆحاجیەکان دروست کردوە لەپاش مردنی هێندە ڕێزیان لێ نا تاگەشتە ئەوەی لەگەڵ الله بیپەرستن لەسەر شێوەی بتێك)

وە بتی دووەمیان {وَالْعُزَّى} :
(وَالْعُزَّى اختلفوا فيها : فقال مجاهد : هي شجرة لغطفان يعبدونها ، وهي التي بعث إليها رسول الله خالد بن الوليد فقطعها)[2] العزی ڕاجیاوازی لەسەر هەیە موجاهید فەرمویەتی دارێک بوو خەڵکی غطفان ئەیان پەرست وە رسول الله صلى الله عليه وسلم خالد ـی بۆنارد بڕیەوە .

{وَمَنَاةَ} :لەنێوان مەککە ومەدینەدا بوو هۆزی خوزاعە وئەوس خەزرەج ئەیان پەرست ئەم سێ بتە لەگەورەترینی بتەپەرستراوبۆکراوەکان بوون

پاشان شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب بەسەرهاتەکەی ابی واقد ـی هێنایەوە کەفەرمووی ئێمە تازە موسڵمان بوین
ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگی تێدایە هەمووما ئەزانین حەمدانیەکان یەکێ ڕەخنەکانیان لەدەولە ئەوەیە ئەڵێن بۆچی ئەبو علی ئەنبار وتویەتی ئەگەر کەسێک نەزانێت جوێندان بەدین کوفرە بۆیە تەکفیری جوێندەر ناکات ئەم کەسە فێری ئەکەین کەجوێندان کوفرە ئەگەر دووای فێرکردن تەکفیری جوێندەر بەدین نەکات ئەوا ئەویش وەک جوێندەرەکە کافرە

جاحەمدانیەکان ئەڵێن مەحاڵە کەسێ هەبێت نەزانێت جوێندان بەالله کوفرە چونکە جوێندان بابەتێ ئاشکرایە ئەوەی بوەستێ لەتەکفیرکردنی کەسی جوێندەر بێ ڕەچاوکردنی هیچ شروط وموانعێکی تەکفیر ڕاستەوخۆ ئەوویش تەکفیرئەکرێت

بەڵام ئێمەش ئەڵێین نەخێر نەتان پێکا چونکە ئەوانەی تازە بون بەموسڵمان بەهۆی ئەوەی یاساکانی ئیسلام تێنەگەشتبون و هەمووی چەند کاتێکی کەم بوو ببون بەموسڵمان بەڵام جاهل بون بەئاشکراترین بابەتی دین کەتەوحیدە لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری الله فێری کردن صلى الله عليه وسلم ڕاستەوخۆ تەکفیری نەکردن

کەواتا شێخ ئەنباریش هەمان شتی فەرمووە بۆنمونە کەسێ تازە بۆتە موسڵمان نازانێت تەکفیر چیە تۆچۆن بێ هیچ عوزرێ تەکفیری ئەکەیت لەکاتێکدا تەکفیر لەواجباتی دینە بەڵام تەوحید ئاشکراترین و بنچینەی دینە لەگەڵ ئەوەشدا بۆتازە موسڵمان عوزری پێدراوە

کەبەشێک لە زانایان فەرموویانە هەندێجار کوفری ئاشکرا عوزری تێدایە وەک ئەم کەسانە کەتازە ببونە موسڵمان

---
[1]:سورة النجم آية ١٩-٢٠
[2]:الثعلبي له " تفسيرەکەیدا (٩/١٤٥) ئەفەرموێت

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب دەفەرموێت :
(وتفيد أيضاً أن المسلم المجتهد إذا تكلم بكلام كفر وهو لا يدري فنبه على ذلك فتاب من ساعته أنه لا يكفر كما فعل بنو إسرائيل والذين سألوا النبي صلى الله عليه وسلم)[1]

ئەم فەرمووده سودی ئەوەی تێدایە ئەگەر موسڵمانێک کەبۆهەق کۆشش ئەکات قسەیەکی کوفری بڵێت ونەزانێت کوفرە وەئاگاداربکرێتەوە لەسەری ئەوا ڕاستەوخۆ تەوبەی لێ ئەکات ئەوا بەوقسە کوفریە کافرنابێت وەک ئەوانەی داوایان لەموسا کرد وە وەک ئەوانەی داوایان لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کرد

شێخ ـی ئیمام عبد الله ـی کوڕی محمد بن عبد الوهاب(ت١٢٤٤) - ئەفەرموێت:
رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى- : (فأنكر - صلَّى اللهُ عَليهِ وعَلى آلِهِ وسَلَّمَ- مجرَّد مشابهتهم، فإذا كان اتخاذ الشجرة لتعليق الأسلحة والعكوف حولها، اتخاذ إله معَ الله، وهم لا يعبدونها، ولا يسألونها، فما الظن بالعكوف حول القبر، ودعائه، والدعاء عنده، والدعاء به؟!.. لو كان أهل الشِّرك، والبدع يعلمون؟!)[2]

ئەگەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕێگری لێکردن لەکاتێکدا داوایان کرد خۆیان بشوبهێنن بەموشریکان ئەگەر دانانی دارێک بۆچەک پێدا هەڵواسین ومانەوە لەلایدا بریتی بێت لەدانانی پەرستراوێک لەگەڵ الله [واتا کە ئەوکارە بریتی بێت لەشەریکدانان بۆالله] لەکاتێکدا نەشی پەرستن ولێشی نەپاڕێنەوە ئیتر گومانت چۆن ئەبێت لەمانەوە لەلای گۆڕ وپاڕانەوە لەگۆڕەکە ولەلای گۆڕەکە ودوعاکردن بەگۆڕەکە ؟ .. ئەگەر ئەهلی شیرک وبیدعە ئەمەیان زانی بوایە[ئەوا دەست بەرداری شیرک وبیدعەکانیان ئەبون]

شێخ داواکاریەکەیانی بە(دانانی پەرستراوێک لەگەڵ الله) وەسف کرد.

شێخ ـی الإمام عبد الرحمن بن حسن رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى ئەفەرموێت :
(ظنوا أن هذا محبوب عند الله، وقصدوا التقرب به، وإلا فهم أجل قدرا من أن يقصدوا مخالفة النبي صلَّى اللهُ عَليهِ وعَلى آلِهِ وسَلَّمَ)[3]

وایانزانی ئەم کارە لەلای الله کارێکی باشە وەنیەتیان نزیک بونەوە بوو لەالله ئەگینا ئەوان زۆر لەوە بەرێزترن بەمەبەستەوە پێچەوانەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بکەن

وەهەر شێخ العبد الرحمن بن حسن رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى ئەفەرموێت:
(فظهر بهذا الحديث أن التعلُّق على الأَشجار والأحجار وغيرها لطلب البركة بها، شرك في العبادة، كشرك عباد الأصنام)[4]

لەم فەرموودەیە ئەوەی تێدا ڕوون ئەبێتەوە شت هەڵواسین بەدار وبەردو جگەلەوانەش بەئومێدی بەدەست هێنانی پیرۆزکردنی شیرکە لەعیبادەت وەک شیرکی بت پەرستان .

---

[1]:كشف الشبهات (٤٥،٤٦) إرشاد المسلمين في الرد على القبوريين الشيخ حمد بن معمر (٩٨، ٩٩)
[2]:انتهى من الدرر السنية (١٠/٢٥٩)
[3]:فتح المجيد (١/٢٦٠)
[4]:قرة عيون الموحدين (ص ٧٦)

شێخ عبداللطيف بن ال الشيخ لەڕەدی ابن منصورِ ـدا کەابن منصورِ ڕەخنەی لەشێخ محمد گرتوە کەشێخ محمد وتویەتی (إن أشياء من أنواع الشرك الأكبر قد يقع فيها بعض المصنِّفين الأوَّلين) [1] ئەکرێت هەندێ لەنوسەرە یەکەمیانەکان بکەونە ناوشیرکـی گەورەوە

شێخ عبداللطيف لەوەڵامـدا فەرموویەتی : [قولُ الشيخ] قولٌ صحيحٌ، يدلُّ عليه الكتابُ، والسنةُ، والواقعُ، والاستقراءُ، وقد خفيَ على قوم موسى عليه السلام، وعلى أبي واقد الليثي، وأصحابه ما طلبوه من أنبياء الله، فكيف لايخفى)

وتەکەی شێخ دروســتە قورئان وسونەت واقعیش بەڵگەن لەسەر ڕاستی قسەکەی شێخ لەگەلەکەی موسـا ولەابی واقدی الليثـی و هاوەڵان کەئەو شیرکەیان لاشاراوە بوو داوای شیرکیان لەپێغەمبەرانی اللە کرد ئیتر چۆن شیرک شاراوە نابێت(لەهەندێ نوسەری کتێبەکان)

شێخ محمد بن إبراهيم (ت 1398) پرسیاری لێکرا دەربارەی ئەم فەرموودەیە: (اجعل لنا ذات أنواط كما لهم ذات أنواط ؟) لەوەڵامدا فەرمووی: (لا يصل إلى الكفر إذا كان على سبيل الاستفتاء، أو الجهل، كقصة أصحاب موسى وأصحاب محمد[- صلَّى اللهُ عَليهِ وعَلى آلِهِ وسَلَّمَ-] حسبوه قربة)[2]

ناگاتە سنوری کوفر ئەگەر لەسەر شێوەی فەتوا وەرگرتن یان بەجەهلەوە بیڵێن وەک چیرۆکی هاوەڵانی موسـا و هاوەڵانی محمد صلی الله علیه وسلم کەوایان زانی بەوکارە لەاللە نزیک ئەبنەوە.

شيخ محمد حامد الفقي رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى ئەفەرموێت : (ليس ما طلبوه من الشِّرك الأصغر، ولو كان منه، لما جعله النبي - صلَّى اللهُ عَليه وعَلى آله وسَلَّمَ- نظير قول بني إسرائيل ﴿ اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا ﴾، وأقسم على ذلك بل هو من الشِّرك الأكبر كما أن ما طلبه بنوا إسرائيل من الأكبر وإنما لم يكفروا بطلبهم، لأنهم حدثاء عهد بالإسلام ولأنهم لم يفعلوا ما طلبوه ولم يقدموا عليه بل سألوا النبي - صلَّى اللهُ عَليهِ وعَلى آلِهِ وسَلَّمَ- فتأمَّلْ)

ئەوەی ئەوان داوایان کرد شیرکی بچوک نەبوو گەر شیرکی بچوک بایە ئەوا پێغەمبەر صــلی اللە علیەوسلم وتەکەیان بەراورد نەدەکرد بەوتەکەی بەنی اسرائیل کەبەموسایان فەرموو بتێکمان بۆدانێ تابیپەرسترین وە پێغەمبەر صلی الله علیــە وسـلم سوێندی لەسەر خوارد کەهەمان قسەی بەنی اسرائیلە بەموسایان وت کەداوای شیرکی گەورەیان لێکرد بەڵام بەداواکردنەکەیان کافـرنەبوون چونکە تازە ببونە موسڵمان وە خۆشیان سەربەخۆیانە نەڕۆشتن ئەنجامی بەن وپێش پێغەمبەر نەکەوتن صلی الله علیه وسلم بەڵکو پرسیاریان لەپێغەمبەرکرد صـلی الله علیه وسلم .

ئیمام ـی ڕاڤەکـار العلامة الألوسی ئەفەرموێت :
(وفى هذا الخبر تصريح على أن القائل واحد ولعل ذلك كان عن جهل يعذر به ولا يكون به كافراً وإلا لأمره النبى بتجديد إسلامه ولم ينقل ذلك فيما وقفت عليه)[3]

١:مصباح الظلام ص١٩٦
٢: فتاوى (١/١٠٤)
٣:روح المعانی ٦/٩

لەم هەواڵەدا ئەوەی تێدایە کەئەوەی داوای کردوە کەسێک بوە وە لەوانەیە بەهۆی نەزانیەوە ئەو داوایەی کردبێت عوزری پێ دراوە بەوەنەبووە بەکافر گەر کافربوایە بەوقسە ئەوا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمانی پێ ئەکرد ئیسلامەتیەکەی تازە بکاتەوە

بەڵام شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیه و ئیمام ـی شاطبی ئەفەرموون : (داواکاری هاوەڵان شیرکی گەورە نیە تەنها چاولێکەری وخۆشوبهاندن بوو بەکافران) [1]

بەڵام وتەی صحیح ئەوەیە کەپێشەوایان فەرموویان کەداواکەیان شیرک بوە چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم سوێندی خوارد داواکاریەکەیان هەمان داواکاری بەنی اسرائیل بوو لەموسا کەوتیان تۆش بتێکیمان بۆدانێ تابیپەرستین جا ڕسول الله صلی الله علیه وسلم سوێند لەسەر شتێ ناخوات وبەیەکەوە گرێی نادات ئیلا لەهەموو ڕوویەکەوە ئەو دووشتە وەکو یەکن هەربۆیەش زۆرینەی زانایان لەسەرئەوەن داواکەیان شیرک بوە بەڵام بەهۆی ئەوەی تازە ببون بەموسڵمان عوزریان پێدراو تەکفیرنەکران وەکەسی تازە موسڵمان بوو عوزری پێ ئەدرێت .

شیخ الإسلام بن تیمیة رحمه الله ئەفەرموویت :
(ولهذا لو أسلم رجل ولم یعلم أن الصلاة واجبة علیه ؛ أو لم یعلم أن الخمر یحرم لم یكفر بعدم اعتقاد إیجاب هذا وتحریم هذا ؛ بل ولم یعاقب حتی تبلغه الحجة النبویة)[2]

بەهەمان شێوە گەر کەسێ ببێت بەموسڵمان نەزانێت نوێژ واجبە لەسەری یان نەزانێت ئارەق حەرامە کافرنابێت بەباوەڕنەبونی بەواجبی نوێژ وبەحەرام نەزانینی بۆئارەق بەڵکو سزاش نادرێت تاوەکو ئیقامە حوجەی ئەکرێت .
وە ئیجماع نەقڵ ئەکات و ئەفەرموێت :
(ولهذا اتفق الأئمة علی أن من ..کان حدیث العهد بالإسلام فأنكر شیئا من هذه الأحكام الظاهرة المتواترة فإنه لا یحكم بكفره حتی یعرف ما جاء به الرسول)[3]

یەکدەنگی پێشەوایان لەسەر ئەوەیە کەهەرکەسێ تازە بوبێت بەموسڵمان ئینکاری شتێ لەوئەحکامە زاهیرانەی ئیسلام بکات کەمتواترن ئەوا حوکم بەکافربونی نادرێت تائەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی هاتوە فێرئەکرێت (بێگومان تەکفیریش حوکمێکە لەوئەحکامانە ئەوەی جاهل بێت تێیدا عوزری پێ ئەدرێت)

ابن قدامة رحمه الله ئەفەرموێت:
(فَإِنْ كَانَ جَاحِدًا لِوُجُوبِهَا نُظِرَ فِيهِ , فَإِنْ كَانَ جَاهِلًا بِهِ , وَهُوَ مِمَّنْ يَجْهَلُ ذَلِكَ , كَالْحَدِيثِ الْإِسْلَامِ وَالنَّاشِئِ بِبَادِيَةٍ ,عُرِّفَ وُجُوبَهَا , وَعُلِّمَ ذَلِكَ , وَلَمْ يُحْكَمْ بِكُفْرِهِ ; لِأَنَّهُ مَعْذُورٌ) [4]

ئەگەر نکوڵی واجب بونی نوێژبکات سەیری ئەکەین ئەگەر جاهل بێت وە نەزان بێت بەواجب بونی نوێژ وەک کەسێک کەتازە بۆتە موسڵمان یان لەدەشتایەکان ئەژێت ئەوا فێرئەکرێت کەنوێژ واجبە حوکم بەکافربونی نادرێت چونکە جاهیلە.

---

[1]:اقتضاء الصراط المستقیم (٢/٦٤٤) وللشاطبي (الاعتصام ٢/٢٤٥،٢٤٦)
[2]: مجموع الفتاوی (١١/٤٠٦)
[3]:مجموع الفتاوی (١١/٤٠٧)
[4]:المغني (٢/١٥٦)

کەواتــا جەحدکردنی ئەو ئەحکامانەی کەباوەڕهێنان پێی لەئەصلی دینە بەڵام کەسێ تازە بۆتە موسڵمان یان لەجێگایەکی دوورە دەست ژیاوە عوزری پێ ئەدرێت

لێرەش مەبەستمان دەرخستنی جەهالەتی حەمدانیەکانە کەپێیان وایە هیچ کەسێ عوزی بۆنیە کەجاهل بێت بەئەحکامی تەکفیر لەکاتێکدا عوزر بۆتازە موسڵمان بوو لەشیرک وکوفری ئاشـکراش لەلای زانایان باسکراوە بەاستدلالکردنیان بەو فەرموودەیەی ابی واقد اللیثــی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بنچینەی چوارەم

القاعدة الرابعة

محمد بن عبد الوهاب

بنچینەی چوارەم وکـۆتایی لەقواعد الاربعة ـی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب

شێخ ئەفەرموێت رحمه الله:
القاعدة الرابعة: إن مشركي زماننا أغلظ شركا من الأولين، لأن الأولين يشركون في الرخاء ويخلصون في الشدة، ومشركو زماننا شركهم دائم في الرخاء والشدة، والدليل قوله تعالى: { فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ } [١]

بنچینەی چوارەم : کەموشـریکانی سـەردەمی ئێمە شیرکەکەیان توندترە لەموشریکانی پێشووتر چونکە موشریکانی سەرەتا لەخۆشـیدا شیرکیان ئەکرد ولەتەنگانەدا ئەگەڕانەوە بۆلای الله تعالی بەڵام موشـریکەکانی سەردەم شیرکەکانیان هەمووکاتێکە لەخۆشی وناخۆشیدا شیرک ئەکەن بەڵگەش وتەی الله یە لە کاتی خۆشیی و ئاساییشدا دەبینی ئەو خەڵکەیە بێ باوەڕن و نکوڵیی تەوحیدی الله ئەکەن کەچی کاتێ سواری کەشتی دەبن و ترسی نقوم بوونیان لێ دەنیشێت، زۆر بە کوڵ سەر دادەنێن و ملکەچیی و یەکلابوونەوەی خۆیان بۆ الله دەردەبڕن و تەنها لەو داوا دەکەن و، باسی بتەکان نامێنێ، بەڵام کاتێ الله ڕزگاریان دەکاو دەگەنە وشکانیی، دووبارە دەچنەوە سەر بیرە پووچەڵەکەی خۆیان و بەهەمان جۆر شەریک و هاوەڵا بۆ الله دادەنێن.

شێخ فەرمووی موشریکانی پێشوو لەتەنگانەدا ڕوویان لەالله ئەکرد بەڵام موشـریکانی ئەمڕۆ کەخۆیان بەئومەتی محمد صلی الله علیه وسلم ئەزانن ئەبینیت لەکاتی تەنگانەشا هاوارەکات عبدالقادری گەیلانی یان ئەڵێ یارسول الله فریام بـکەوە بەڵام موشریکانی کۆن لەتەنگانەدا تەنها لەالله ئەپاڕانەوە
وەک چۆن لەچەند ئایەتێکی تردا الله ئەفەرموێت :
(وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ ۚ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ) [٢]

موشریک و هاوبەش دانەرەکان هەرکاتێ شەپۆلێکی گەورەی دەریا وەک هەوری پڕ بۆیان هاتبایە خێرا بت پەرستەکان ئەوسا داوا لەالله دەکەن و لێیدەپاڕێنەوە ڕزگاریان بکا جا کاتێ ڕزگاری کردن و گەیاندنیە وشکانیی لەسەر ئەو بارەیان ناوەستن. هەیانە مامناوەندییە لە نێوان شیرک وتەوحیدا هەشیانە لەسەر شیرک دەمێنێتەوە لە ئایەتەکانمان نکووڵی ناکات مەگەر خەڵکێکی فریوبازو پێنەزان ونکۆڵیکار .

وقال تعالى: (وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ ۖ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ ۚ وَكَانَ الْإِنسَانُ كَفُورًا) [٣]

و هەرکاتیش ئێوە لەناو دەریادا تووشی ناخۆشیی و زەرەرو کۆسپێک ببن، وەک نقوم بوون و بەرەو هەڵدێرچوون، هەر الله تان لەبیر دەمێنێ و هەرچی پەرستراوێک هەیە لە بیرتان دەچێ و، باوەڕتان بەهیچ شتێکی تر نامێنێ کەچی هەر ڕزگاری کردن و بەرەو وشکانی چوون، خێرا ڕوو وەردەچەرخێنن لە پەرستنی خوا بە تاک و تەنیاو کوفری بەخششەکانی الله دەکەن! و مرۆڤ بەرامبەر بەالله هەر ئاوا ناشکورو سپلە بووە.

[١]:سـورة العنكبوت آيـة ٦٥
[٢]:سـورة لقمان آيـة ٣٢
[٣]:سـورة الإسراء آيـة ٦٧

وەک عەلمانیەکانی ئەمڕۆ کەلەخۆشی وناخۆشیدا کوفر بەئایەتەکانی الله ئەکەن کاتێ لەخۆشیدان بێ باوەڕن بەشەرعی الله کەتوڕەش ئەبن وئەکەونە سەغڵەتیەوە جوێن بەالله وشەرعەکەی ئەیەن بۆیە شیرک وکوفری موڕتەدان گەورەتر وتوندترە لەشیرکی موشریکانی پێشوو

لێرە دێینە کۆتای ئەم بابەتە الله تعالی لەهەمووڵایەکی وەرگرتبێت وسودێکی هەبوبێت بۆنەفسی خۆمان و بیگەیەنین بەموسڵمانانی ترتاوەک بەرچاو ڕون بن لەوچوار خاڵە

(وصلى اللّٰه على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين)